**پەیڤ**

**ئەڵقەی 52**

# کورد و عەرەب و کێشەی پێکەوە ژیان

نووسینی: ڤینۆس فایەق
venusfaiq@yahoo.co.uk

عورفێکی دیبلۆماسی و ئەخلاقی هەیە لە دونیادا ئەویش ئەوەیە لە بۆنەیەکدا ، یان لە کۆبوونەوەیەکی رەسمیدا کە میوان ئامادەبێت لەسەر ئاستی وەزیر و باڵیۆزەکان ، بەتایبەت ئەگەر باڵیۆزەکە باڵیۆزی وڵاتەکەت بێت ، ئەبێت زۆر بە گەرمی و بە شێوەیەکی شیاو و جوان بەخێرهاتنی باڵۆزی وڵاتەکەت بکەیت ، چونکە لەوڵاتی دووهەمدا ئەو نوێنەری سەرەک کۆماری وڵاتەکەتە ، باوەڕم وانیە ئەمە دوو کەس لەسەری ناکۆکن بن..

بەڵام هەندێ جار هەندێ شت روو ئەدەن جگەلەوەی ئەبنە بابەتێکی بەپێز بۆ دارِشتنی هەواڵێکی رۆژنامەوانی بەپێز و سەرنجراکێش ، لێکدانەوەی سەیر و سەمەرەشی بۆ دەکرێ ، چونکە هەمیشە چاوی رۆژنامەنووس تیژ و بەهێزە.

بۆ نمونە ماوەیەک لەمەوبەر لە بۆنەی دابەشکردنی بڕوانامە بەسەر کۆمەڵێ دەرچوانی خولێکی تایبەت بۆ مامۆستاکانی قورئان بەناوی (خولی گونجاندن) لە هۆڵەندا ، خولەکە لەلایەن رێکخراوی پەرلەمانی شیعی-هۆڵەندی رێکخرابوو ، لەو بۆنەیەدا پێش دابەشکردنی بڕوانامەکان بەسەر دەرچووانی خولەکەدا ، پێشکەشکەری بۆنەکە زەینەب ئەلتورێحی کە کچی سەرۆکی پەرلەمانی شیعی هۆڵەندیە لە هۆڵەندا د. محەمەد سەعید ئەلتورێحی ، دەستی کرد بە بەخێرهاتنی هەموو ئامادەبووان کە بریتی بوون لە وەزیری کاروباری پەنابەرانی هۆڵەندی (ریتا فێردۆنک) و باڵیۆزی عێراقی لە هۆڵەندا کاک (سیامەند بەننا) و یەک باڵیۆزی تری وڵاتێکی تر و شەش دیبلۆماسی تری بە نوێنەرایەتی باڵیۆزخانەکانیان هاتبوون.

ئەوەبوو بەخێرهاتنی ریتا فێردۆنکی وەزیری کاروباری پەنابەرانی هۆڵەندا کرا ، و بەخێرهاتنی هەموو ئامادەبووان کرا بێ ئەوەی بەهێچ شێوەیەک ناوی باڵیۆزی عێراق ببرێ ، یان بە وشەیەک بەخێرهاتن بکرێ ، هەرنەبێت بۆ دەستی رێز و حورمەت نان لە هێمای وڵاتەکەت لە تاراوگە..

بەبێ ئەوەی درێژەی پێبدەم ، ئەو مەسەلەیەم بەلاوە زۆر سەیر و سەمەرە بوو ، چوومەلای سەرپەرشتیاری بۆنەکە لێم پرسی بۆ بەخێرهاتنی کاک سیامەند بەنناى باڵێۆزی عێراق نەکرا؟ وتی ئاخر شەش باڵێۆزی تری لێبوو ئەبوایە بەخێراهاتنی ئەوانیش بکرابا ، وتم یەکەم: شەش باڵێۆزی تری لێنەبوو ، ئەوانەی لەوێ بوون بەناوی باڵێۆزەکانیانەوە هاتبوون واتا لەسەر ئاستی لە باڵێۆز نزمتر بوون ، پاشان با واش بێت ئە ینەدەبوو بۆ ئەوەی رێز لەوانیش بنرێت بە یەک وشە بەخێرهاتنی باڵێۆزی وڵاتەکەتان بکرایا؟ هیچ نەبێ نوێنەری حکومەتەکەتە لەبەردەم کاربەدەستانی حکومەتی هۆڵەندیدا ، بەخێرهاتنەکەش رێگەی لە زۆر لێکدانەوە ئەگرت..

ئەمە ئەوە دەردەخات کەوا هەتا ئەم دەمەش کورد و عەرەب بە قووڵی کێشەی پێکەوە ژیان و یەکتر قوبووڵکردنیان هەیە ، دەنا ئەگەر باڵێۆزەکە عەرەبێکی شیعە بوایە بەخێرهاتن نەدەکرا؟ یان کۆنە بەعسیەک بوایە بەخێرهاتن نەدەکرا؟ یان زەمانی بەعس بوابا ئەیانوێرا بەخێرهاتنی نەکەن ، هەرچەندە من ئیستا باسم لە عورف و ئوسووڵە ، نەک ترس و تۆقان..

زۆر لە عەرەبە شۆڤێنیەکان هەتا ئە دەمەش هەر بەچاوی نزم سەیری کورد ئەکەن ، بەتایبەت ئەوانەی لە پلەوپایە حکومیە بەرزەکاندان ، ئەو کێشەیەش هیچ شتێک چارەسەری ناکات جیابوونەوە نەبێت ، دەنا نە درۆ و دەستلەملانی درۆ و رۆڵبینین لەبەردەم کەناڵەکانی میدیای جیهانیدا ، نە خوتبە و دروشمە سواوەکانی تێرمان لێخوارد وای لێهاتووە ئەیانهێنینەوە لەگەڵ بینی هەواڵەکان سات بە سات و دەقیقە بە دەقیقە..